# ئەمەریکا گەورەترین فرۆشیاری چەکەلەجیهاندا و عەرەبیش باشترین کرِیارِ



ئەردەڵان عەبدوڵڵا

بەپێی راپۆرتێکی سایتی ئەمەریکی ( تقرير واشنطن) ، ئەمەریکا گەورەترین فرۆشیاری چەکە لەجیهاندا * . هەروەها وولاَتە عەرەبییەکانیش باشترین کرِیارِی چەکن لەجیهاندا. هەروەک راپۆرتەکە نووسیویەتی ، کۆی ئەو برە پارەیەی کە لەجیهاندا، لەنێوان ساڵانی(1998_2005 ) بۆکرِینی چەکوتەقەمەنیدا خەرج کراوە دەگاتە (294 ) بلیۆن دۆلار . بەتەنها ئەمەریکا 107 بلیۆن دۆلاری واتە رێژەی 36.5% کۆی هەمووی بەردەکەوێت. پاش ئەو رووسیا بە برِی 46 بلیۆن دۆلار، کەرێژەی 15.5% بەردەکەوێت. ئینجا فەرەنسا 33 بلیۆن دۆلار، کە رێژەی 11.3% پاشانیش ئەڵمانیا 19 بلیۆن دۆلار ، کە رێژەی 6.6% بەردەکەوێت . بەپێی ئەو نەخشەیەی خوارەوە، ساڵ لەدوای ساڵ بازرگانی چەکوتەقەمەنی زیاتر دەبێت . واتە کەس دڵی بەوەخۆش نەبێت ، کەئێمە لە جیهانێکی ئاشتی و خۆشیدادەژین .




نەخشەی رێژەی فرۆشتنی چەک لەجیهاندا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەیر لەوەیە لەوکاتەی کەئەم وڵاتانە،ئەم بازرگانیە بەژیانی ملیۆنەها مرۆڤەوە دەکەن ، کەچی هیچ کاتێک بزووتنەوەیەکی نارەزایی بەهێزی کۆمەڵایەتی یان سیاسی لەناو ئەم وڵاتانەدا نابینین . بەتەواوی مۆراڵی مرۆڤی و مرۆڤ دۆستی لەم وڵاتانە بۆ هەتاهەتایە کۆچی کردووە. مۆراڵی سەرمایەداری ، مۆراڵێکی نامرۆڤی و نایەکسانییە. زاڵبوونی ئەم مۆراڵەش بەسەر کۆمەڵگای رۆژئاوادا، وایکردووە کەئەم کۆمەڵگایانە ، بەتەواوی هەموو پرەنسیپێکی ئەخلاقی وئینسانی ، پشتگوێ بخەن . هیچ کاتێک مرۆڤێکی ئەمەریکیم نەبینی ، بێتە سەرشەقام نارەزایی بەرامبەر بەم سیاسەتەی وڵاتەکەی دەرببرێت. ئاخر خۆهەموو دەزانن کە،ئەم چەکانە بۆکوشتنی خەڵکی تر دروستکراوە، وەلێ هیچ کاتێک ئەمەریکیەک یان ئەورووپیەک بیر لەکەسێکی تر ناکاتەوە.ئەوان لە جیهانی خۆپەرستیدا تەواونووقم بوون . هەرکۆمەڵگایەک مۆراڵی تێدا نەماو ، هەموو پرەنسیبە مرۆڤیەکانی لەبیرکرد، ئەوا ئەوکۆمەڵگایە لە کۆمەڵگای مرۆڤی دەچێتە دەرەوە. لەهەمووشی گاڵتەجاری تر ئەوەیە ، ئەوروپاو ئەمەریکا ،خۆیان بە مەڵبەند ودایکی ماڤی مرۆڤ دادەنێن !! کەچی گەورەترین بازرگانی مەرگیشن لەجیهاندا. بەداخەوە لەم بازرگانی مەرگەدا ، حکومەتە دیکتاتۆرو ملهوور وفاشیستەکانی عارەب ، گەورەترین بەشیان بەردەکەوێت . هەروەک لە راپۆرتێکی تری هەمان سایتدا هاتووە ، کە رۆژهەڵاتی ناوەراست ، بەشی شێری لەبازرگانی چەکدا بەردەکەوێت . هەروەک لەم نەخشەیەشدا دەردەکەوێت ، رۆژهەڵاتی ناوەراست ، رێژەی 39% بەردەکەوێت .




**رێژەی کڕینی چەک لەجیهاندا**

بەپێی ئەوراپۆرتە ، ئەمەریکا زۆرترین چەکی بە وڵاتانی عارەب فرۆشتووە. بۆ نموونە لە نێوان ساڵانی 1998 وە بۆ 2001 ، ئیمارات بڕی 7. بلیۆن دۆلار ،میسر 6.4 سعودیە 4.4 بلیۆن دۆلار . کوەیت 0.7 بلیۆن دۆلار چەکیان لەئەمەریکا کڕیوە. لەنێوان ساڵانی 2002 بۆ 2005 یش بەم شێوەیە بووە. ئیمارات . 1.3 بلیۆن دۆلار ، میسر 5.2 بلیۆن دۆلار . سعودیە 4.2 بلیۆن دۆلار ، کوەیت 2 بلیۆن دۆلار ، سەلطەنەی عومان 1 بلیۆن دۆلار چەکیان لەئەمەریکا کڕیوە. هەرچەندە ئەم وڵاتانە هیچ کامیان لە شەڕدا نین ، کەچی باشترین کڕیاری چەکن . هەروەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە، لەنێوان ساڵانی 1998 بۆ 2005 ، رێژەی کڕینی چەک بەم شێوەیە بووە. ئیمارات 17.6 بلیۆن دۆلار. سعودیە 14.6 بلیۆن دۆلار . میسر 13.6 بلیۆن دۆلار چەکیان لە وڵاتانی جیهان کڕیوە. لەوکاتەی کەبەشێکی زۆری ئەم وڵاتانە بەدەست کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی وئابووری گەورەوە دەناڵێنن ، کەچی ئەم هەموو پارەیەش لە چەکوتەقەمەنیدا خەرج دەکەن. وڵاتێکی وەکوو میسر ، کە وڵاتێکی هەژارو دواکەوتووە، زۆرترین رێژەی بێکاری و هەژاری هەیە، خراپترین

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خزمەتگوزاری تەندروستی وکۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش وایکردووە ملیۆنەها میسری وڵاتەکە جێبهێڵێت. کەچی حکومەتە دیکتاتۆرەکەی حوسنی موبارەکیش، ئابەم شێوەیە پارەی هەژارانی میسر بەفیڕۆدەدات. دیارە ئەم راپۆرتە تەنها باسی ساڵانی 1998 بۆ 2005 ی کردووە. گەرچی ساڵی 2006 یش لەساڵانی تر بەبەرەکەتربوو بۆ کۆمپانیاکانی چەکی رۆژئاوا. بۆنموونە لە ساڵی 2006 دا ، حکومەتی سعودیە بڕی 70 بلیۆن دۆلار فرۆکەی جەنگی(تایڤۆن) لە بەریتانیا کڕی **. کە ئەمە گەورەترین سەفقەی چەک کڕینە لە مێژووی بەریتانیادا. هەرچەندە سعودیە نکولی لەبڕی ئەو پارەیەی کرد ، بەڵام هەندێک لە میدیاکانی جیهان دەڵێن ، خۆی دەداتە نزیەکی 80 بلیۆن دۆلار. جێگای ئامازەیە، ئەم فرۆکەیە چەند وڵاتێکی ئەوروپی پێکەوە دروستی دەکەن . (ئەڵمانیا ، ئیسپانیا ، ئیتالیا).



**فرۆکەی تایڤۆن**

زۆرجاریش کۆمپانیاکانی بەریتانیا بەرتیلیان بە چەند میرێکی سعودیە داوە. دیارە جگە لە پارە ، چەند کچۆڵەیەکی ناسکی کافریشیان! بۆ شێخە سعودیەکان بردبوو، تابیانکەن بە مووسڵمان !!. دیارە پاش کەشفبوونی ئەم سکاندالە ، پەرلەمانی بەریتانیا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی دانا. بەڵام سعودیە هەرەشەی لە بەریتانیا کرد ، کەئەگەر ئەو لیژنەیە لانەبات، ئەوا فرۆکەکان ناکرێت. ناچار تۆنی بلێری سۆسیالیست! ، ملی بۆ شێخەکانی خلیج شۆر کرد. هەتا ئەم دیکتاتۆرو ملهوورانە حوکمی ئەم رۆژهەڵاتە بکەن ، هیچ کاتێک رۆژهەڵات ، پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بەخۆیەوە نابینێت. دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت ، کەبەشێکی زۆری ئەم دیکتاتۆرو مەلیکانە ، رۆژئاوا خۆی دایناون و دەیانپارێزێت . چونکە ئەمانە تاکە زامن و شەریکی سەرمایەداری رۆژئاوان.

## سەرچاوەکان :

* ..www.taqrir.org 2006 09.09.

** www.BBC.Arabic.com . 25.12.2005 .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com